# بڕیارە مووچەی دوو مانگی ساڵی ڕابردووی مامۆستایانی گرێبەست دابەش بکرێت



ئەمڕۆ سێشەممە وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەتەوە، لەسەر بڕیاری وەزیری دارایی و ئابووری و دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی وردبینی و ژمێریاری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و گەیشتنی لیستەکان بە گەنجینەکانی وەزارەتی دارایی، بڕیار دراوە مووچەی مامۆستایان دابەش بکرێت.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، مووچەی مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی (10 - 11)ی ساڵی 2024ـی مامۆستایانی گرێبەستی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی بەرواری دەست بەکاربوونیان دابەش دەکرێت و ئاماژە بەوەش کراوە کە تەمویلی ئەم مووچانە لەسەر داهاتی ناوخۆ خەرج دەکرێت.